نزار خەزرەجی بڕیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی داوە لە کوردستان!

بەشی (٣– ٣)

دەرسیم دیبەگەیی







کورد گوتەنی: (ئەوەی لە مشک بێت جەواڵ درە)، ئەوەی (بەعسی)ش بێت کورد کوژە، دژ بەکوردو کوردستانە، دژ بەئازادیو سەربەستییە، دژ بەمرۆڤایەتییە، دژ بەهەموو شتێکی جوانە، نازانێ بەزەیی چییە، نازانێ بەیەکەوە ژیان چییە، نازانێ مافی کەسانی تر چییە، نازانێ رەوشت چییە، تەنانەت نازانێ گوێگرتن لەکەسانی تر چییەو هەست بەدەردو ژانی کەسانی تر ناکات! لەکاتێکدا کە سەرکردایەتی کوردو پارتە کوردستانییەکان بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان بە بەردەوامی داکۆکییان لە تۆمەتبار (نزار خەزرەجی) سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێراق دەکردو، نامەیان بۆ وەزیری دادو دەسەڵاتدارانی دانیمارکی دەنارد، کە گوایە ناوبراو بێتاوانەو دەستی نەبووە لەو تاوانانەی کە حکومەتو سوپای ئێراق لەساڵەکانی (١٩٨٧-١٩٨٨) لەکوردستاندا ئەنجامیانداوە، کەچی سەرەڕای ئەو هەموو داکۆکی کردنەی ئەوان خەزرەجی بەبەردەوامی بێڕێزی کردووە بەرامبەر بە کوردو، تەنیا بۆ چرکەیەکیش نیازە گڵاوو بیرە شۆڤینیو عروبییەکەی خۆی لەدژی نەتەوەی کوردو کوردستانیان نەشاردۆتەوە. دوای ئەوەی خەزرەجی لە (١٤,٣,١٩٩٦)دا بەیارمەتیو هاوکاری کورد لە موسڵ گەیشتە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان لەبادینان، هەر دوای ئەوەی بەچەند ڕۆژێک گەیشتە ئوردەن، لەدیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی (ئێم بی سی) عارەبیدا بۆ بەرنامەی (حدیث الساعة) کە (سەعد ئەلسیلاوی) پێشکەشی دەکات، گوتی: (بەشێکی گرنگی ئێراق لەژێردەستی سوپاو حکومەتی ئێراقدا نیە، کەچی سەددام گوێی لێنیەو گرنگی پێنادات). هەموشمان باش لەمەبەستی نزار دەگەین کە دەڵێت بەشێکی گرنگی ئێراق لەژێر دەستماندا نییە، مەبەستی ئەو بەشەی باشووری کوردستان بوو کە نزیکەی نیوەی رزگارو نیوەکەی تریشی لەژێر دەسەڵاتی رەگەزپەرستی ئەواندا مابوو.

ئەو دەست بەخوێن سوورەی کە بەهەزارەها هاووڵاتی بێتاوانی باشووری کوردستانی لەناوبردووە، کاتێک کە لە ئوردەن بووە لە (٢٧,٤,١٩٩٦)دا پلانی کۆدەتایەکی بەناوی (مینارەی بابل لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کرداری گۆڕینی رژێم لەئێراقدا / برج بابل، دراسة عن عملية تغيير النظام في العراق)دا نووسیوەو، پێشکەش بە ئەمەریکییەکانی کردووە بۆ ئەوەی پشتیوانی لێبکەن لەپێناوی رووخاندنی رژێمی سەددام. خەزرەجی لە لاپەڕە یەکی (مینارەی بابل)دا نووسیوێتی: (عارەبی سوننە هەردەم چالاکنو ئاراستەی نەتەوەییو ئایینیان دیارە، ئەوانیش بەدەست ستەمو بەردەڵایی پیاوەکانی رژێمەوە دەناڵێنن، چاوەڕێی رزگاربوون دەکەن لەدەست ئەو رژێمە، بەڵام لەکاتی رووخانی رژێمدا گومانو مەترسی بنەڕەتییان هەیە لەدەسەڵاتگرتنی باشوورییەکان (شیعەکان) کە ئەوان لایەنگری ئێرانن، هەروەها مەترسییان هەیە لەچاوبڕینی کوردەکان لەهەردوو شاری موسڵو کەرکوک). بەر لەهەموو شتێک مەترسی خەزرەجی لەنیازی کوردەکان لەدەست بەسەراگرتنی شارەکانی موسڵو کەرکوک بەڵگەیەکی ترە بۆ کوردستانی بوونی ئەو دوو شارە، چونکە کورد تەنیاو تەنیا دەیەوێت خاکو شارە داگیرکراوەکانی خۆی رزگار بکاتەوە، نەک پەلاماری خاکو شاری نەتەوەکانی تر بدات کە ئەو توانایەشی نییە. دواتر نەک تەنیا مەترسی خەزرەجیو بەعسییەکان، بەڵکو مەترسی تەواوی عارەبی ئێراقو وڵاتانی تری عارەبیش لەوەدایە کە کورد بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کەتێیدا بەزۆر دەرکراوەو، شارو شارۆچکە بەعارەبکراوەکانی وەکو: کەرکوک، موسڵ، دیالە، خانەقین، بەلەد، شارەبان، جەلەولا، مەخمور، دیبەگە، گوێر، گەراج، شەنگال، تەلەعفەرو زوممار بخرێتەوە سەر باشووری کوردستان.

هەر لەو ساڵەداو لە ئوردەن، خەزرەجی لەنووسینێکدا لەژێرناوی (ئەوەی کە لەگەڵ برادەرەکانماندا خرایەڕوو بەر لەهاتنمو رێکەوتنی لەسەر کرا / ما طرح على الاصدقاء قبل مجيئي واتفق عليه)دا کە بریتییە لە نۆ خاڵ، لەخاڵی (٣)دا نووسیوێتی: (لەکاتی گۆڕینی رژێمدا گەرەنتیمان وەرگرتووە بۆ دەست تێوەرنەدانی ئێران یان دەست تێوەرنەدانی بزووتنەوە کوردییەکانو سوودبینینیان لەو بارودۆخەی لەوکاتەدا دێتەپێش). مەبەستی خەزرەجی لەو خاڵەدا ئەوەیە کە کوردەکان بەهیچ شێوەیەک لەدوای روخانی رژێمدا روونەکەنەوە شارەکانی خۆیان، تاوەکو عارەبە داگیرکەرو مافخۆرەکان لەسەر خاکی کوردو شارەکانی کوردستاندا بمێننەوە، بەبێ ئەوەی ماف بۆ کوردی مافخوراوو ئەو شارو شارۆچکانەش کە بەزۆر بەعارەبکراون بگەڕێندرێنەوە سەر کوردستان. واتە تەنیا گۆڕانکاری لەدەموچاوەکان بکرێت، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری لەبیرو بۆچوونەکانیان سەبارەت بەمافە خوراوەکانی نەتەوەی کورد لەسەر خاکی خۆی کە باشووری کوردستانی بەزۆر بە ئێراق لکێنراوە بگەڕێندرێتەوە.

هەروەها خەزرەجی، لەڕاپۆرتێکی چوار لاپەڕەییدا لەژێرناوی (ئەندامانی موخابەراتی ئێراقی لەباڵوێزخانەی ئێراقیو ناو عەممان)دا کە بۆ ئەمەریکییەکان نووسیوێتی، دەڵێت: (ئازاد جاف، خەزووری محەمەدئەمین جاف (برای ژنەکەی) هاوکارە لەگەڵ موخابەراتی ئێراقیو، زانیاری دەدات بە کۆگای گشتی تووتن کە بارەگاکەی لە عەممانە - تەلاری رۆبین – عەبدەلی – عەممان. برادەری (خالید ئەلمەخزومی)یە کە راوێژکاری بازرگانییە لەباڵوێزخانەو نیشتەجێی عەممانە).

نزار خەزرەجی، دوای راکردنی لە دانیمارک لە (١٥,٣,٢٠٠٣)دا، لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەریدا لەگەڵ رۆژنامەی (دێرشبیل)ی ئەڵمانیدا گوتبووی: (من کەسێکی سەربازییم، گرنگترین شت بۆ من پاراستنی یەکێتیی خاکی ئێراقە، ئەو پاراستنەش تەنیا بەسوپایەکی بەهێز دەکرێت، بەبێ سوپایەکی بەهێز شەڕی نێوان شیعەو سوننە روودەدات، هەروەها شەڕی نێوان لایەنە کوردەکانیش لەباکووری ئێراق (باشووری کوردستان)، ئێراق بەرەو گێژاوێکی نادیارو پارچە پارچەبوون دەبات). شیوەنی خەزرەجی بۆ ئەو ئێراقەیە کە لەسەر بەرژەوەندی کوردو بەقازانجی عارەبە شۆڤینیستەکان دروست بووە، کە بەخوێنی رۆڵەکانی کوردو کوردستانییان ئاشی ئەو وڵاتە تاوەکو ئێستا تەمەنی (٨٦) ساڵەی خۆی تەواوکردووە، شیوەنەکەی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانیانە لەگەڵ بەردەوام بوون لەسەر هەمان ستەمو چەوسانەوەو کوشتنو بڕینی نەتەوەکەمان.

کاتێک کە تۆمەتبارێکی لەچەشنی (خەزرەجی)دا بەئاشکەرا ئەو هەوڵە گڵاوانە بداتو بڕچوونی وا رەگەزپەرستانەی هەبێت، دەبێت بەنهێنی چی کردبێت لەدژی نەتەوەکەمان؟ لەو بەڵگەنامانەی کە لەو وتارەدا دەخرێنەڕوو ئەوانەشمان بۆ ئاشکەرا دەبێت! خەزرەجی بەپێی نووسراوی ژمارە (١١٢٢) بەروارى (٢١,٨,١٩٨٨)دا کە لەژێرناوی (رێنماییەکان)دا لەنووسینگەی سەرۆکی ئەرکانی سوپا (نووسینگەی خەزرەجی) دەرچووەو، بریتییە لە (١٣) خاڵو بۆ سەرکردەکانی هەردوو فەیلەقی یەکو پێنجی ناردووە، لەخاڵی یەکەمدا دەڵێت: (دەبێت دەستنیشانی کۆمەڵگاکانی پڕ لە دانیشتوان بکرێت لەناوچەکانی فەیلەقی یەکو، بەتەقەمەنی تایبەتی چڕوپڕ (ضربات خاصة مكثفة) بە (٤٨) کاتژمێر بەر لەدەستپێکردنی هێرشەکەدا لێیان بدرێت، بۆئەوەی ترسو تۆقینێکی وا لەڕێزی دانیشتواندا بڵاوبێتەوە تاوەکو ڕێگربێت لەوەی کە پاڵپشتیو هاوکاری تێکدەران (هێزی شۆڕشگێڕی پێشمەرگەی کوردستان) بکەن). هەروەها لەخاڵی چوارەمدا دەڵێت: (ئەو هەلەی کە ئێستا هاتۆتە پێش بۆ لەناوبردنی کاری تێکدەری (چالاکی شۆڕشگێڕانە) لەناوچەی باکوور (باشووری کوردستان)دا، باشترین هەلەو لەداهاتوودا لەوجۆرەمان بۆ رێکناکەوێت ئەگەر لەگەڵ دوژمن بگەینە ئاشتی یان نەگەین). خەزرەجی لەخاڵی هەشتو یازدەدا بەمشێوەیە رێنمایی هەردوو فەرماندەکانی یەکو پێنج دەکات: (بەکارنەهێنانی بەتالیۆنی (جاشەکان) لەهەمان ناوچەی هۆزەکانی خۆیاندا بۆ رێگەگرتن لەهاوکاریکردنیان لەگەڵ دانیشتوانی دێهاتەکاندا. رێگەی پاداشتو لێپرسینەوە لەگەڵ جاشەکان بەکاربێتنو، هەر سەرۆک جاشێکیش ئەگەر دووڵ بوو لەجێبەجێکردنی کارەکان جیایکەنەوە). بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە کە لەنووسینگەی خەزرەجیو بەواژۆی ئەو دەرچووە، بڕیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نەک تەنها بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵکو بەرامبەر بە دانیشتوانی سیڤیلی دێهاتەکان لەلایەن ئەو تاوانبارو ئەنفالچییە دەرچووە! هەروەها خەزرەجی دووبارە بێباوەڕی خۆی نیشاندەدات بەرامبەر بە جاشەکان! جا ئەوە ئەگەر کەسێک بێت کە پەیوەندی بە هەرسێ پارتی ناوبراو لەسەرەوەدا هەبووبێتو دۆستیان بووبێت، ئەی چۆن ئەو بڕیارەی داو ئەنفالی کوردی کرد؟؟؟؟؟؟؟؟؟

Darsim2006@hotmail.com

پۆزش

لە ژمارەی رابردوودا بەهۆی هەڵەیەکی مۆنتاژەوە لە جیاتی بەشی دووەم ، بەبشی سێهەم چاپکرا بوو، بەو هۆیەوە داوای بوردن لە کاک دەرسیم دیبەگەیی و خوێنەرانی هێژا دەکەین .

نوێنەری کۆمەڵەی دۆستایەتی لوبنان – کوردستان بۆ رۆژی گەل دەدوێ

بۆ ئەوەی لەنزیکەوە لە کارو چالاکیەکانی کۆمەڵەی دۆستایەتی لوبنانی کوردستان ئاگاداربین، هاتنی بەڕێز (ڕەشید مەلا)مان بەدەرفەت زانی تا چەند پرسیارێکی لێبکەین.

ئەوەی شیاوی باسە بەڕێزیان کەسایەتیێکی کوردی لوبنانە و سەرپەرشتی کۆمەڵەکە دەکات و هەماهەنگی نێوان ئەم کۆمەڵەیە لە لوبنان و کوردستاندا دەکات ، ئەویش رۆشنایی خستە سەر پرۆژەی کۆمەڵەکەیان و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە .

پ/ دەکرێ ئامانجی سەردانەکەت بۆ کوردستان بزانین؟

و/ بەهۆی ئەو کارەی کە کۆمەڵەکەمان دەخوازێ ئەنجامی بدات، من راسپێردرام تا سەردانی کوردستان بکەم، سەرەتا هەوڵبدەم لێژنەکانی لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکوک دا دروست بکەم . ئەمەش دەبێتە هاوهەنگی راستەوخۆ لەنێوان کوردستان و لوبنان دا پەیدا دەکات.

پ/ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە چییە؟

و/ ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە دامەزراندن و دروست کردنی پردێکە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندیەکان لەنێوان گەلی لوبنان و گەلی کوردستاندا لە هەموو بوارەکانی پێشخستن و گۆڕینەوەی وەبەرهێنان و بازرگانی و گەشتوگوزار و دامەزراندنی چالاکی و هەماهەنگی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەمەش لە ڕێی رێکخستنی سەردانی هاتوچۆی نێوان یەکترو بەستنی سمینارو کۆڕو کۆبوونەوە لەهەموو بوارەکاندا، هەروەها ئەم کۆمەڵەیە دەبێتە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی وێنەیەکی ڕاستەقینە و هاندان بۆ هەماهەنگی و وەبەرهێنان لە کوردستان و کارکردن بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی رۆشنبیری کوردستان لە لوبنان کە ئەم کۆمەڵەی دۆستایەتییە سەرپەرشتی دەکات و هەوڵ دەدات ئەم ناوەندە ببێتە مینبەرێک بۆناساندنی کۆمەڵگەی لوبنانی بەرهەمهێنانی رۆشنبیری و هونەری و پیشەی دەستی وەکو گولتوری کوردستانیش.

پ/ ئەم کۆمەڵەیەی دۆستایەتییە بۆ کوردستانی هەڵبژارد؟

و/ هۆکاری یەکەم هاتنی ئێمە بۆ کوردستان من دەیگێڕمەوە بۆ ئەو کەش و هەوا ئازادەی و ئارامیەی کە ئێستا لە کوردستاندا ڕەخساوە، دەرفەتێکی باشە بۆ کارکردن، بۆیە ئێستا زۆربەی چاودێران و سیاسەتمەدارانی لوبنان گەشبینن بەم ڕەوشەی لە کوردستاندا هەیە بۆ کارکردن لەهەموو بوارەکاندا، بۆیە لوبنانیەکان دەخوازن ئەو توانا و پسپۆریەی خۆیان لە کوردستان بەگەڕ بخەن و ئەو ئەزموونە کەبەسەر ئەوان تێپەری لەشەڕی ناوەخۆ وەکو پەیامێک بۆ گەلی کوردستان ئەو کارەساتە جارێکی تر ڕوونەداتەوە،لەزۆر بوار و پێکهاتەدا ئەم دوو وڵاتە لەیەک دەچن، هەروەها مێژوو گەواهی ئەو ڕاستیە دەدات کە لوبنانیەکان توانایەکی باشیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان هەیە وەکو دوبەی و ئیمارات و ئەفەریقیا، من پێمایە ئەگەر ئەم ئامامیە بەردەوام بێت کوردستانیش وەکو لوبنان لە هەموو بوارەکاندا پێشدەکەوێت .

پ/ ئێستا کۆمەڵەکەتان لە لوبنان کوردستاندا بە چ شوێنێ گەیشتووە؟

و/ بۆ کۆمەڵەکەمان، ئێمە لە حکومەتی لوبنان مۆڵەتی رەسمیمان وەرگرتووە بارەگایەکی گەورەشمان لەشاری (بەیروت) کردوەتەوە، بۆ کوردستانیش ئێستا هەولی کردنەوەی بارەگا دەدەین، هەروەها لایەنی پەیوەنددار بەلێنی مۆڵەت و بارەگاشیان پێداوین،راستیەکەی رێکخراوەکەمان رێکخراوێکی سەربەخۆیی ئەهلیە، بۆیە لە کارکردنماندا ناتوانین خەڵکی سیاسی بەشدار پێبکەین، تەنیا کەسانی سەربەخۆی پسپۆڕ و بەتوانا لە کوردستاندا بەشداری پێدەکەین.

پ/ کێن ئەو کەسانەی کە چەندین کۆمپانیای گەورەن لە لوبناندا، ئەمەش ناوی هەندێک لەو کەسایەتیانەیە کە لەسەردەستی ئەواندا لە ٢٠٠٧/٢/٢٦ کۆمەڵەی دۆستایەتی لوبنان- کوردستان هاتۆتە دامەزراندن ، دەتوانین ئاماژە بە ناوی بەڕێزان (شەکیب شەهاب، مستەفا حەریری، ریاز سولح، یەصیچ ئەبو حەمزە، سەمیر تەویل، مونعم مارون، رەشید مەلا) بکەین، لەهەمانکاتدا ئێمە لەکوردستانیشدا لەهەوڵداین بۆ دروستکردنی لێژنەیەک بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەم کۆمەڵەیەدا خاوەنی توانای پسپۆری بازرگانی و ئابووری و رۆشنبیری بن.

پ/ پاش تێپەربوونی ١٥ ساڵ بەسەر ئازادی باشووری کوردستان خەڵک و حکومەتی لوبنان چییان بۆ باشوری کوردستان کردووە ؟

و/ لەپاش رووخاندنی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ دا زیاتر دەرفەت بۆ ئێمە ڕەخسا کە بەئازادانە کارەکانمان لەباشووری کوردستان ئەنجام بدەین ئێستا چەندین کۆمپانیا ئیش دەکەن و کۆمپانیای ترییش ئامادەیی خۆیان بۆ ئیشکردن پێشاناداوە، ئێستا سێ بانکی لوبنانی کە لە کوردستاندا هەن، لەوانە : بانکی عۆدەو بیلۆس و ئەنترکۆنێرنیاڵ ، هەروەها کۆمپانیای حەریری بۆ بەلێندەرایەتی و کۆمپانیای دار هەندەسەی و کۆمپانیا (Acc) و کۆمپانیای مالیا ئەنتی ناسیۆنال و ئەلمۆلسی چەندین کۆمپانیای ترییش بەرێوەن بۆ ئیشکردن لەکوردستاندا.

پ/ دوایین پەیامت چیە ؟

و/ لە کۆتایدا ئومێدی سەرکەوتن بۆ ئەم کۆمەڵەیە دەخوازم، هەروەها زۆر سوپاسی هەفتەنامەی رۆژی گەل دەکەم کە ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم تا لەسەر کۆمەڵەکەمان قسەبکەین.